گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# یارییە زمانییەکان و گرنگیان لە گەشەی کارامەیی زماندا

**دلال احمد صالح**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە, زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان, عێراق
dalal.saleh@su.edu.krd

**پ.د.یوسف شریف سعید**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان, زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان, عێراق
yousif.saeed@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٠/١٧
پەسەندکردن:٢٠٢٢/١١/٣٠
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**
Language Games, Listening, Speaking, Reading, Writing

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.17

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بەشێکە لە تێزی دکتورا بە ناونیشانی ( یارییە زمانییەکان و ڕۆڵیان لە گەشەی زمانی منداڵانی کورد، شارەدێی پیرمام بە نموونە)، ناونیشانی توێژینەوەکە (یارییە زمانییەکان و گرنگیان لەگەشەی کارامەیی زماندا) .

پیناسەی چەندین زاناو و زمانەوانانمان لە سەر یارییە زمانییەکان خستوەتەڕوو، و بۆچوونی خۆشمان لە م بارە وە دیار یکردووە، جۆرەکانی یارییە زمانییەکانمان دابەشی چوار جۆر کردووە، کە بریتین لە یارییە زمانییە کارامەییەکانی گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نووسین، بۆ هەریەکەیان پێناسە و گرنگیمان دیارکردووە و چەندین یاری زمانیمان خستۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

## پێشەکی

- ناونیشـانی توێژینەوەکـە : ناونیشـانەکە بریتییـە لـە (یارییـە زمانییـەکان وگرنگییـان لە گەشـەی کارامەیی زماندا ).
- ڕێبازی لێکۆڵینەوە : ڕێبازی پەیرەوکراو لەم تویژینەوەیەدا، ڕێبازی پەسنییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- گرنگی توێژینەوەکە : بایەخ بە هەر چوار کارامەییە زمانییەکانی گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نووسین دەدات.
- کورتەی توێژینەوەکە : توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش پێکدێت.
- بەشی یەکەم بریتییە لە چەمك و ناساندنی يارییە زمانییەکان.
- بەشی دووەم جۆرەکانی يارییە زمانییەکان خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوە بە کارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەربی و ئینگلیزی دانراون.

## ١) چەمک و ناساندنی یارییە زمانییەکان :

### ١/١) دەروازەیەک بۆ یارییە زمانییەکان:

یاریکردنی منداڵان بە بیروبۆچوونی هەندێک لە دایک و باوکان , شتێکی بێ بایەخ و بێسوودە و ڕەتیدەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، یاریکردن لە لایەن منداڵەوە، ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ گەشەسەندنی کەسایەتییەکی ڕێکوپێک هەیە، دەشێت لە ڕێگای ئەنجامدانی یارییەکان پەرە بە لایەنەکانی، جەستەیی ، دەروونی ، ڕەفتاری، ئاوەزی وزمانی منداڵ بدرێت ،جێی باسە لەم بارەیەوە وڵاتە پێشکەوتووەکان دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە.

یاری زمانی بۆ بەکارهێنانی زمانی دایک لە لایەن منداڵەوە لە ڕووی فۆنۆلۆجی ، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی وەکو مەشق و ڕاهێنان سەیر دەکرێت، هەروەها یاری زمانی یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکان بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی قسەکردن-(Cekaite and Aronsson : 2005:171-172).

یارییە زمانییەکان رۆڵیان لە فێربوونی زمان لە هەموو ئاستەکاندا هەیە و پاڵنەرێکی چێژبەخشینە بۆ منداڵ و بەکارهێنانێکی سروشتی و ڕاستەقینەی زمانە. لە کاتی ئەنجامدانی یارییەکاندا , منداڵەکان لەگەڵ یەکتردا کارلێکدەکەن و ئەم کارلێکە بەزۆری بە زمان ئەنجامدەدرێت Lewis and Bedson :1999 : 3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یارییە زمانییـــــەکان ئـــــامرازی کـاران بـۆ گەشـــــــەپێدانی کارامەییەکـانی زمـان ، چـونکە منداڵ کۆمەڵە هەستەوەرێک بە کاردەهێنێت لە کاتی یاریکردندا و ئامرازی مەشق وڕاهێنـانن لە سـەر بەکارهێنانی زمانی دروست و تەواو (علي ،رقية محمود أحمد : 2017 : ١٩٨). یـاریکردنی منـداڵ بە شتەکان باشترین یارمەتیدەرە بۆ هەڵوەستەکردنی لە سەر واتای ئەو شتانــە ی کە یـاری پێـدەکات و بەم پێیەش یاریدەی تێگەیشتنی بێژە زمانییەکان و چاکترکردنی دەربڕینـی ئاخـاوتنی منـداڵ دەدات (شاش، سهير محمد سلامه:٢٠٠١ : ١٣).

بە پێـی بۆچـوونی( کریسـتاڵ )یـاری زمـانی، نێوەنـدێکی باشـە بـۆ گفتوگـۆی نێـوان منـداڵ و گەورەکان(Crystal:1996:337).کاتێک منداڵ لە گەڵ گەورەکان یان هاوتەمەنەکانی تێکەڵدەبێت و یاریدەکات، ئاسانکارییەکی زۆر باشە ویارمەتیدەدات بۆ فێربونی زمان. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات ، کە یاریکردن کاریگەریی لە گەشەکردنی زماندا هەیە، کە واتە یاریکردن گەشەی منداڵ خێـرا دەکـات و چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و مەعریفی لەخۆدەگرێت، کە گرنگن بۆ فێربـوونی زمـان ( Deborah .(D[1] and e.at : 2019

منداڵان لە کاتی یاریکردن، گوێ لە یەکتـر دەگـرن وگفتوگۆ دەکەن وبیرۆکەکانیـان ئـاڵوگۆڕدەکەن و شارەزای شتەکان دەبن وشەو زاراوەو چەمکە نوێکان لە یەکتری فێردەبن و لە کەشێکی پڕ لە خۆشی وشادیدا ئەوەی لە نـاخ ودەروون وهزریانـدایە دەریـدەبڕن (شـاش، سـهير محمـد سـلامه : ٢٠٠١ : 13-14). منداڵ لەکاتی یاریکرندا, دەنگی هەمەجۆر دەردەکات، وشە و ڕستەکانی ڕێک دەخات و لاسایی ئەوکەسانە دەکاتەوە ، کە شێوازی زمانیـان ڕەنگدانەوەی حـاڵەت وهەڵچونەکانیـانن (صـومان ،أحمـد ابراهيم : ٢٠١٨ : ٥٢-٥٣).

یارییە خەیاڵییەکان، هەلێکی زۆر رێکدەخەن بۆ دەربڕینی ئەندێشە وهۆکارن بۆ گەشەپێدانی زمـانی منـــداڵ. توانـــای زمـــانیی منـــداڵ لە ڕێـــگەی یـــاری خەیـــاڵی و نوانـــدنەوە پەرە پێـــدەدرێت (David:1988:59-60) ،کە واتە منـداڵ لە م جـۆرە یارییـانەدا، خـۆی لە بیـر دەکـات و دەرفەتـی قسەکردنی زیاتر بۆ دەڕەخسێت کاتێك كە منداڵەكە بـڕوای وایە کە شـتێکی وەکـو بـوکەڵە قسـەی لە گەڵ دەکات .

منداڵ کارامەییە زمانییەکان ، لەمیانی ئەنجامدانی یارییە زمانییەکان بە دەست دەهێنێت.کاتێک منداڵان یاری لە گەل یەکتردا دەکەن ئاشنایەتی لە گەڵ وشە وزاراوەی نوێ پەیدادەکەن وفێردەبن و لە ستراتیژییە گرنگەکان هەژماردەکرێن بۆ چاکترکردنی زمانی منداڵ، چونکە یارمەتی گەشەی هزری منداڵ دەدات وپاڵنەرێکە بۆ فێربوونی زمان ، ئەگەر فیربوونەکەش لە گەڵ چێژ و خۆشی و پێکەنین ئاوێتە و تیکەڵ کرا ، ئەو کات دەبێتە فێربوونێکی سروشتی و ڕاستەقینە .

## ٢/١) ناساندنی یارییە زمانییەکان :

زاراوەی "یاری" بۆ فێربوونی زمان بەکاردەهێنرێت ، بە مەبەستی بەخشینی ئامرازێکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بۆ مەشق و ڕاهێنان لە سەر ڕەگەزەکانی زمان و دابینکردنی هاندەرەکانی گەشەپێدانی کارامەییە جیاوازەکانی زمان (عبدالعزیز ،ناصف مصطفی:١٩٨٣ :12).

زمانەوانە کارەکییەکان ئەوە یان سەلماندووە، کە شێوازە باوەکان نابنە مایەی هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان لە فێربوونی زماندا، بەڵام هەندێک ئامرازی هاوچەرخ هەن، کە کاریگەرن بۆ فیربوونی زمان، وەکو "یارییە زمانییەکان" (language games) چونکە ، دەشیت بەو یارییە زمانییانە مەشق و ڕاهێنان لە بەکارهێنانی زمان لە هەڵویستە سروشتییەکاندا بکرێت ( الصویركي، محمد علي حسن : ٢٠٠٥ : 26).

یارییە زمانییەکان لە ژێر ناوی جیاوازدا وەکو ( یارییە فێرکارییەکان- یارییە پەیوەندیکردنەکان – یارییە زارەکییەکان) هاتوون و زمانەوان ولێکولەران پێناسەی زۆریان بۆ کردوون، لێرەدا هەندێک پێناسە دەخەینە ڕوو :

- مەبەست لە یارییە زمانییەکان، ئەوەیە کاتێک یەکەکانی زمان وەکو دەنگ و وشە و ڕستە لە کاتی یاریکردندا بەکاردەهێنرێن و یارمەتیدەرن بۆگۆکردنی دەنگەکان بەشێوەیەکی دروست و هۆکارێکیشن بۆ پەیوەندیکردن (داود، أحمد عیسی و المواضیة ،رضا :2019 : 82).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- یاریی زمانی یارمەتیی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی دەنگەکان بە شێوەیەکی دروست دەرببڕێت و فەرهەنگی منداڵ بە وشە و زاراوە دەوڵەمەند دەکات الصویرکي، محمد علي حسن : ٢٠٠٥ : 26-27).
- یارییە زمانییەکان کۆمەڵە چالاکییەکی ئاراستەکراو و ئامانجداری زمانین وبەشێوەیەکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵانـــــەی خاوەن ئاستـەنگی عەقڵین لە فێربوون و بەدەستهێنانی کارامەییەکانی زمان، ئەنجامدەدرێن (علي، رقية محمود أحمد : 2017 : ١٩٨).
- یـــارییە زمانییەکـــان ئەو چالاکیـــانەن ، کە لە نێـــوان خوێنـــدکاران ئەنجـــام دەدرێـــن چ بە هاوکـــاریکردنی یەکتـــری یـــان ڕکـــابەریکردنی یەکتـــری بـــۆ گەیشـــتن بە مەبەســـتەکانییان لە چوارچێوەی بنەما و ڕێسای کە بۆی دارێژراون (فضل الله ،محمد رجب : 2005 : ١٢).

- یارییە زمانییەکان سادەترین تەکنیـك و کـۆنترین و بەربڵاوترینی یارییەکـانن و بـۆ هێنـانەدیی ژمارەیـــــــەك ئامانج بەپێی کۆمەڵە بنەمـایەك ئەنجامـدەدرێن، ئەو تەکنـیکە لە پرۆگرامەکـانی خوێنـدن ڕۆڵێکـی گەورە دەبینێـت، چـونکە ئامـانجی فێرکـاریی جیـاواز لە خـۆ دەگریـت، وەکـو تەواوکـاری پرۆگرامەکـان ئاماژەیـان پێـدەدرێت (الحـیله ،محمـد محمـود و غنـیم ،عائشـه عبدالقادر:٢٠٠٢ : 595).
- یارییە زمانییەکان وەکو ئامراز و چالاکییە گرنگەکانی فێربوونی پەیوەندیکردن هەژماردەکرێن ،بە تایبەتی لە پۆلدا، ئەمەش هۆکاریکە بۆ فێربوونی زمان (الفوزان، عبد الرحمن بن ابراهیم : ١٤٣١: 148).
- یارییە زمانییەکان جۆرە چالاکییەکن، کە تێیدا سەرنجی فێرخوازان بە گشتی لەسەر وشەکانەو هانی فێرخوازان دەدات بۆ بیرهاتنەوەی وشەکان بە خێرایی (Yuliani : 2017:195).
- یارییە زمانییەکان چالاکی چێژ بەخشن ، بە یاسا وڕێسا ڕێکـدەخرێت و ڕێگـای سـەرەکیین، بـۆ بەکارهێنانی زمان (A . Kristianto, 2016:4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە واتە لە کۆی تیرۆانینەکانی ئەو پیناسانەی سەرەوە ، دەتوانین بڵێین یارییە زمانییەکان کۆمەڵێک چالاکی و مەشق وڕاهێنانی چێژ بەخشن بە مەبەستی کارکردن لە سەر گەشەکردن و پەرەپێدانی زمانی منداڵی ئاسایی و نائاسایی ، یان ئەوانەی نەخۆشی گوتنیان هەیە و بە پێی هەندێک بەرنامە وپلانی داڕێژراو و لە ژێر چاودێریکردنی سەرپەرشتیارەوە ئەنجامدەدرێت .

## ٢) جۆرەکانی یارییە زمانییەکان :

چەند جۆرێک لە دابەشکردن بۆ یاری زمانی هەن ، بە بۆچوونی ئێمە ، ئەم جۆرە دابەشکردنە گشتگیرتر و گشت لایەنەکانی زمان لە خۆدەگرێت :.

### ١/٢) یارییە زمانییەکانی کارامەیی گوێگرتن:

گوێگرتن هونەرێکە لە هونەرەکانی زمان و بۆ گشت چالاکیەکانی ژیانی مرۆڤ کارامەیێکی پێویستە (أبو محفوظ ،ابتسام محفوظ: ٢٠١٧ : ١٦). چالاکیەکی بنچینەیی و پەیوەندی بەستنە وله میانەیدا مرۆڤ ئاشنای دەوروبەری دەبێت وئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی پێشوازی لە پەیامە زارەکییەکان بکات (طعیمة ،رشدي أحمد : ٢٠٠٧ : 92). منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنیدا گوێ لە دەنگەکانی دەوروبەری دەگرێت وبە پێی تیپەر بوونی کات ئەم کارامەییە گەشەدەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی زمانی منداڵ لە ئاخاوتن و خوێندنەوە و نووسین گەشەبکات .
گوێگرتن ئامرازیکە بۆ گەشەپێدانی زمانی زارەکی و وپەرەپێدانی توانای جیاکردنەوەی دەنگ و وشەکان لەیەکتری و هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوە ویادگەی بیستنی منداڵ و زیاد بوونی ئاگایی و هۆشیاری (زمزمي ،فضيلة أحمد: 2007 : 17).
گۆێگرتن بە بنچینەی پەیوەندیکردنی زمان دادەنرێت و هەردوو کارامەیی گوێگرتن و ئاخاوتن بە ڕوی یەکەمی زمان دادەنرێن و زووتر لە لای منداڵ بەکاردەهێنرێت ، کە واتە پێش هەردو کارامەیی خۆێندن ونووسین دەکەون ، گەشەکردنی زمانی منداڵ لە گوێگرتنەوە دەستپێدەکات و دەکرێت لەڕێگەی مەشق و ڕاهێنان، زیاتر پەرە بەم کارامەییە بدرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢/١-١) ناساندنی کارامەیی گوێگرتن :

- گوێگرتن، توانای تێگەیشتنە لە پەیامی کەسانی تر، یان دەوروبەر و بەپێی پشت بەستن بە گوێڕادێری و پەرتنەکردنی هۆش وبیر دروستدەبن وئامانجەکەی بە دەستهێنانی زانست و زانیارییە ( الملا، هشام بن ابراهیم : ١٤٣٩ : ٢٢- ٢٣).
- گوێگرتن گرنگترین کارامەییە ، کە بە کاردێت بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و ئێمە زۆر زیاتر گوێدەگرین لەوەی بیخوێنینەوە، بنووسین یان قسە بکەین( Way, 2011: 6).
- گوێگرتن کارامەییەکە و وەکو بنیاتێکە هەموو کارامەییەکانی زمانی تێدا خەستبۆتەوە لە ئاخاوتن وخوێندنەوەو نووسیندا، بۆیە پێویستە گرنگی بەم کارامەییە بدرێت (التمیمیم، رافد صباح و یعقوب، بلال ابراهیم: بدون سنة الطبع : 277).

لە ڕوانگەی ئەم زانیارییانەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە ، کە گوێگرتن کارامەییی پەیوەستبوونە لە گەڵ ژینگە و جیهانی دەوروبەردا و وەرگرتنی زانست و زانیاری وپەیامە زارەکییەکانە، هەروەها بە هۆکاری گرنگ وسەرەکیی گەشەکردنی کارامەییەکانی زمان ، قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین دادەنرێت .

### ٢/١-٢) ئامانجەکانی گوێگرتن:

1- گەشەپێدانی توانای گوێگرتن وئاگاییبوون لە شتی بیستراو .
2- گەشەپێدانی توانای چاودێریکردنی شتی بیستراوە.
3- تێگەیشتنی ورد وخێرای شتی بیستراوە.
4- گەشەکردنی کارامەیی پەیوەندیکردنە ، کە هۆکارە بۆ بەرەو پێشبردن وپێگەیاندنی تاکەکان. (بغدادي ،شیرین عبد المعطي : ٢٠١٣ : 154).

منداڵ لە میانەی گوێگرتندا، زیاتر ئاگای لە دەوروبەری دەبێت وسەرنجی بۆ بابەتە بیستراوەکان دەچێت و بیرکردنەوەی فراوان دەبێت و بابەتەکان بە ئاسانی تێدەگات ، بەمەش زمانی منداڵ گەشەدەکات .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢/١-٣) گرنگی گوێگرتن:

- گوێگرتن هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردنی تاکەکان، دەستەواژە و بیرۆکە و چەمکە جیاوازەکان لە میانەی گوێگرتندا بەدەست دێنن.
- گوێگرتن هۆکاریکی بنچینەییە بۆ فێربوون و گەشەکردنی کارامەییەکانی ئاخاوتن و خوێندن و نووسین .
- گوێگرتن ئامرازێکە بۆ وەرگرتنی زانست وزانیاری هەمەجۆر لە ڕێگای وانەکان و گفتوگۆدا (أبو محفوظ، ابتسام محفوظ : ٢٠١٧ : ١٦).

واتە گرنگی گوێگرتن لەوەدایە، کە تاکەکان لە ڕێگایەوە پەیوەندی لە گەڵ دەوروبەریاندا دەکەن، لە ڕێگای گوێگرتن، زانست وزانیاری وبیرۆکەکان وەردەگرن وفێریان دەبن و بە کارامەییەکی سەرەکی هەژماردەکرێت بۆ فێربوونی ئاخاوتن وخۆێندنەوە و نووسین .

## ٢/١-٤) پێکهاتەکانی گوێگرتن :

1- وەرگرتن: مەبەست لێی پێشوازیکردنی پەیامە دەنگییەکانە.
2- کارلێککردن، سەرنجدانی گوێگرە و سودمەندبوونە لە تێگەیشتنی ئەو بیرۆکەو یەکەو ناوەڕۆکانەی لە پەیامە دەنگییەکەدا هاتوون.
3- ڕەخنە گرتن و بڕیاردان : هەڵسانگاندنی فێرخوازان بە پێی ئاستی خۆیان بۆ ئەو شتانەی کە لە ناو پەیامە ئاڕاستەکراوەکاندا هاتوون و ڕەخنە و بڕیاری گونجاو دەربارەیان بدەن (یحیی، خولە أحمد و عبید، ماجدة السید : ٢٠٠٧ : 112).

کەسەکان لە میانەی گوێگرتندا، بابەتەکان و پەیامە ئاڕاستەکراوەکان وەردەگرن و لە ناوەڕۆکەکەیان تێدەگەن و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو زانیارییە نوێیانەی دەکەن ،کە گوێبستیان دەبن .

## ٢/١-٥) پەرەپێدان بە کارامەیی گوێگرتن :

- هەوڵدان بۆ ئەوەی منداڵان بکەین بە گوێگری باش.
- پێشاندانی گرتە ڤیدیۆیەکان بە منداڵان بۆ ئەوەی گوێی لێبگرن .
- دانانی بەرنامە بۆ بێدەنگکردنی منداڵ و وزیاتر گوێگرتن لە پەیامەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دابینکردنی شوێنێک لە پۆلدا ،کە هاندەری گفتوگۆ و گوێگرتنی سەرنجراکێش بێت Way (,2011 : 6).

سەرپەرشتیار دەتوانێت، کۆمەڵە دەنگێکی سروشتی وەکو دەنگی ئاژەڵەکان بۆمنداڵان تۆمار بکات ، دواتر بۆیان لێبداتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرنجراکێش گوێیلێبگرن بۆ ئەوەی بزانرێت ، ئایا دەتوانن دەنگی ئاژەڵەکان لێک جیابکەنەوە و بەم پێیەش زیاتر درک بە جیاوازیی دەنگەکان دەکەن.
زور ڕێگا و چالاکیی هەمە جۆرهەن، کە سەرپەرشتیا، یان ماموستا دەتوانن بۆ ڕاهێنان بە کاریانبهێنن ،یان پەرەپێدانی کارامەیی گوێگرتن ، گرنگترینیان تێکەڵکردنی گوێگرتن لە گەڵ یارییەکانە ، چونکە لە یاریکردندا ڕێگە نادرێت منداڵەکان لەم مەشق و ڕاهێنانە بێزاربن و بە پێچەوانەوە خۆشترین کات لە لای منداڵ ئەوەیە، کاتێک کە یاریدەکات، بۆیە پێویستە سەرپەرشتیار ئەمە بە هەند وەربگرێت و زیاتر یاری لە پرۆسەی فێربوون وفێرکردندا بەکاربهێنێت، لێرەدا هەندێک لەو جۆرە یارییە گوێگرتنانە دەخەینە ڕوو:

- ❖ **یاری من کێم ؟**

سەرپەرشتیار منداڵێک هەڵدەبژێرێت ، بۆ ئەوەی لاسایی دەنگێک بکاتەوە و داوا لە منداڵەکانی تر دەکرێت، بۆ ئەوەی سەرچاوە ڕاستەقینەکەی دەنگەکە بناسنەوە، بۆ نموونە (دەنگی شەمەندەفەرە ، کەلەشێرە ...تاد ؟) و دەکرێت چاوی یەکێک لە منداڵەکان ببەسترێت و داوای لێبکرێت گوێ لە دەنگی هاورێکانی بگرێت بۆ ئەوەی دەنگییان بناسێتەوە (یحیی، خوله أحمد و عبید، ماجدة السید : ٢٠٠٧ : 120).

- ❖ **یاری گوێبگرە و جێبەجێبکە:**

سەرپەرشتیار هەندێک ڕێنمایی لە کاسێتێکدا بۆ منداڵەکان تۆمار دەکات ، منداڵەکان یەک یەک گوێی لێڕادەگرن وڕێنماییەکان بە هەمان زنجیرەیی، کە لە کاسێتەکەدا هاتووە پەیرەو دەکەن، هەر منداڵێک بەرانبەر مێزێک دادەنیشێت، کە چەند ئامێر، یان بڵندگۆیەکی لەسەرە و تابلۆیەکی بچووک و کۆمەڵە کیسێک لەبەردەمیدا هەن، لەناو هەریەکێکیاندا ، کۆمەڵێک شێوە و کەسایەتی، کە لە پەڕۆک دورستکراون تێیدایە ، کاسێتەکە بەکاردەخرێت ومنداڵەکە گوێ لە ڕێنماییەکان دەگرێت ،بۆ نموونە : (الناشف، هدی محمود: ٢٠٠٧ : ٦٨-٦٩).

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کیسی یەکەم بگرە
- بیکەرەوەو ئەوەی تێیدایە دەریبهێنە.
- چی دەبینیت؟ گوڵی سوور، گوڵی زەرد.
- گوڵە سوورەکان بەتەنیا ڕێک بخەو گوڵە زەردەکانیش بەتەنیا.
- گوڵەکان بخەرە ژێر تابلۆکە، سوورەکان لەلاتەنیشتێک و زەردەکان لەلاتەنیشتێکی تر.
- کیسی دووەم بگرەو بیکەوە.
- چی دەبینی ؟ گۆمێکی ئاو لەگەڵ مراوییەک.
- گۆمەکە لەناوەڕاستی تابلۆکە دابنێ و با مراوییەکەش مەلەی تێدا بکات.
- کیسی سێیەم بکەوە و سەیرکە بزانە چی تێدایە؟
- درەختەکان لەدەوروبەری گۆمەکە ڕیز بکە
- فڕۆکەکە لەسەر بەرزترین درەخت دابنێ.
- پەپولەکە لەسەر گوڵە سورەکە دابنێ.
- فریزو گیایەکە بە زەوییەکەوە بچەسپێنە.
- بۆچوونت چۆنە دەربارەی باخچەکە؟ ئایا جوانە؟
- ئایا دەتوانیت گوڵە سوورەکان بژمێریی؟
- گوڵە زەردەکان چەند دانەن ؟
- کامەیان زیاترە گوڵە سوورەکان، یان گوڵە زەردەکان؟
- ئایا هەموو گوڵە سوورەکان گەورەن؟
- سەیری مراوییەکان بکە ،ئایا هەموویان ڕوویان لەیەک ئاڕاستەیە؟
- چەند مراوی سەیری دەستی ڕاستت دەکەن؟

نموونەی سەرەوە، سەرەڕای ئەوەی توانای گوێگرتنی منداڵان پەرەپێدەدات ، هەندێک چەمک و کارامەیی تریشی پێدەبەخشێت، وەکو کارامەیی جولەیی ، پۆلێنکردن ، ژماردن ، ناسین وجیاوازی ڕەنگەکان ، دژواتای وشەکان وەکو : درێژ وکورت ، زانین و ناسینەوەی ئاڕاستەکانی ڕاست و چەپ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

،تێگەیشتن لە بۆشایی دەوروبەر (ژێر – ناوەڕاست ، دەوروبەر – سەرەوە) و گەشەکردنی وشە و زاراوەکان ... تاد.

## ٢/٢) يارييە زمانييەكانى كارامەيى ئاخاوتن:

كارامەيى ئاخاوتن لە دواى كارامەيى گوێگرتنەوە دێت و پێش هەردوو كارامەيى خوێندنەوە و نووسين دەكەوێت، منداڵان ، کە لە قۆناغە سەرەتاييەکانى خوێندنەوە پشت بەم كارامەييە دەبەستن ومەشق وڕاهێنان لەسەرى دەکەن بۆ ئەوەى بتوانن پەيوەندى بە دەوروبەرى خۆيانەوە بۆ بەدەستهێنانى زانست و زانيارى بكەن (شريف، غصون خالد : ٢٠١٤ : 54).

كارامەيى ئاخاوتن هۆكارە بۆ ئەوەى فێرخواز تواناكانى دەربخات و گوزارشت لە ناخ ودەروونى خۆى بكات و پێويستە گرنگى بە ئاخاوتنى ئازادانەى فێرخوازەكان بدرێت لە ميانەى پرسيارو وەڵام و ئاخاوتن و هەموو ئەوچالاكييە زمانييانەى كە ئاخاوتن بە شێوەيەكى ڕون تێيدا بەكاردێت ، بۆيە گرنگييەكى بەرچاو بە كارامەيى ئاخاوتن لە گشت كردە فێركارييەكان دەدرێت (التميمي، رافد صباح و يعقوب، بلال ابراهيم : بدون سنة الطبع : 281).

كارامەيى ئاخاوتن بە كارامەييەكى بنچينەيى وسەرەكى زمان دادەنرێت ، چونكە ئامرازى پەيوەنديكردنى نێوان تاكەكانە و ڕێگايەكە بۆ ئەوەى تاك بتوانێت پەيوەندى لە گەڵ دەوروبەرى ببەستێت وزانيارييەكان بۆ دروستكردنى پەيوەنديیە كومەڵايەتييەكانى ودەرخستنى كەساييەتيەكەى لە نێو كۆمەڵگادا بە دەستبهێنێت.

### ١-٢/٢) ناساندنى كارامەيى ئاخاوتن :

ئاخاوتن بە دووەم كارامەيى لە كارامەييەكانى زمان دادەنرێت و لە ئەنجام وەرگرتن ورەنگدانەوەى گوێگرتن دروستدەبێت بۆ پەيوەنديكرن لەگەڵ دەوروبەر بەكاردێت (بغدادي، شيرين عبد المعطي: ٢٠١٣ : 157).

ئاخاوتن ئەوەيە كە منداڵ تواناى هەبێت لەڕاڤەكردن، يان پەسنكردنى ئە و شتانەى، كە بە لايەوە گرنگ بێت بەشێوەيەكى ڕوون و ديار ، كە لێيى تێبگەن. منداڵان دەتوانن ئاخاوتن ئەنجام بدەن بە پێى ئەم ڕێگايانەى خوارەوە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- گێڕانەوەی چیرۆک.
- پەسنکردنی ڕووداوەکان و تێبینیکردنیان.
- خوێندنەوە بە دەنگێکی بەرز.
- پێشکەشکردنی بابەتەکانی وەکو ڕوڵگێڕان و شانۆگەری (بیرد، بولي: ٢٠٠٣ : 31).

ئاخاوتن کۆمەلە دەنگێکە ، کە تاکەکان دەریدەبڕن و بەهۆیەوە گوزارشت لە بیرو بۆچوون وناخی خۆیان دەکەن بەم پێیەش، بە کارامەییەکی گرنگی زمان هەژماردەکرێت، چونکە ئامرازێکی پەیوەندیکردنی زمانییە لە نێوان تاکەکاندا .

## ٢-٢/٢) ئامانجەکانی کارامەیی ئاخاوتن :

- گەشەکردنی ڤۆکابولەری زمانی منداڵە ، کە بۆ گوزارشتکردن لەو شت و هەستانەیە، کە درکیان پێدەکات.
- دەربڕینی ڕستەی تەواو و ڕێک بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان.
- بە دەستهێنانی کارامەیی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا (الناشف، هدى محمود : ٢٠٠٧ :73**)**.
- گۆکردنی دروست وزمان پاراوی .
- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکی و ڕێکخستنی بیرۆکەکان و بەیەکەوە پەیوەستکردنیان.
- گەشە پێدانی متمانە بەخۆبوون .
- توانای منداڵ لە گوزارشتکردن لەو شتانەی لە دەوروبەریدا دەگوزەرێن.
- زاڵبوونی منداڵ بەسەر هەندێک کیشەی دەروونی وەکو شەرمنی و دووره پەرێزی و ...تاد .
- هۆکارە بۆ مەشقکردن لەسەر خەیاڵکردن و داهێنان (بغدادي، شيرين عبد المعطي: ٢٠١٣ : 158).

منداڵ ، کاتێک دەنگەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک گۆبکات و دەستەواژە وڕستەکان بە شێوەی زنجیرەیی بە پێی یاسای ڕێزمانی و گەیاندنی واتا وبیرۆکەکان و ئەوەی لە ناخیدا دەگوزەرێت بۆ کەسانی دەوروبەری دەربڕێت، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بە شێوەییەکی گونجاو ڕەفتار لە گەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیـنگەی خۆیـدا بکـات ولە ئەنجامـدا زیـاتر متمـانە ی بە خـۆی دەبێـت وبە سـەر هەنـدێک کێشـەی دەروونیدا زاڵ دەبێت .

## ٣-٢/٢) پەرەپێدانی توانای ئاخاوتن :.

منداڵ لە ڕێگای بەکارهێنان و مەشق و ڕاهێنانەوە فێری زمان دەبێت و زیاتر زمانی گەشە دەکات، بۆیە پێویستە ئەو چالاکییانە بەکاربهێنرێن، کە قسەکردنی تێدا بەکاردێت وەکو شانوگەری ولاساییکردنەوە و گیرانەوەی چیرۆک... وتاد.

**لێرەدا چەند چالاکی ویارییەک دیاریدەکەین ، کە پشت بە کارامەیی ئاخاوتن دەبەستن :**

❖ **یـــارییە یەک بابەتییەکـــان:** داوا لەمنـــداڵ دەکرێـــت ، کە چەنـــد وشـــەیەک بڵێـــت، کە پەیوەســـت بـــن بە بابەتێـــک، یـــان کردارێکـــی دیـــاریکراو، یـــان بەهەڵوێســـتێکی دیـــــــــاریکراوی هەســـــــــت وســـــــــۆزەوە پەیوەســـــــــت بـــــــــن.
بۆ نموونە :

- ئەو وشانەی، کە بە جلوبەرگی منداڵانەوە پەیوەستن ،بۆ نموونە جلی وەرزش، یان جلی قوتابخانە.
- ئەو وشانەی، کە بە جۆرەکانی خواردەمەنیەوە پەیوەستن.
- ئەو وشانەی بۆ شادی و دڵخۆشی ،یان تورەیی ، یان غەم وپەژارەو... تاد بەکاردێن(طعيمة، رشدي أحمد: ٢٠٠٧ : 126).

❖ **یاری پێکهێنانی ڕستە** :چەند وشـەیەکی جیـاواز ، یـان چەنـد کـۆمەڵە وشـەیەک دەدرێـتە منـداڵ و داوای لێـدەکرێت بەیەکتـری ببەسـتێتەوە تـا لەدواییـدا ڕسـتەیەک، یـان چەنـد ڕستەیێکی تەواو و واتا داریان لێپێکبهێنێت.

❖ **یـاری وشـە لێکچووەکـان لەشـێوەو ناوەرۆکـدا :** کـۆمەڵە وشـەیەک دەدرێـتە منـداڵ و لەپاشان داوای لێدەکرێت هەموو ئەو وشانە پـێکەوە گرێبـدات ،کە لەڕووی نـاوەرۆک یـان لەڕووی بابەتەوە ، یان لە ژمارەی بڕگەکانیان لەیەکتری نزیکن (طعيمة، رشدي أحمد: ٢٠٠٧: ١٢٧). بۆنمـوونە: (سـیر – شـیر –تیـر-بیـر) یـان ئەو وشـانەی لە ڕووی کـێڵگەی واتـایی لە یەکترییەوە نزیکن وەکو میوە چەندین جۆر لە خۆ دەگرێت (مۆز – سێو...تاد) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

❖ **یاری وێنە و دەنگەکان:**

دەتوانرێت وێنەکان بۆ وێناکردنی کۆمەڵێک چەمک بە کاربهێنرێن و بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی گۆکردن ، وەک گۆزە ، بەندەر، مەڕ ،کەشتی، کڵاو ،خانووی بچکۆڵە، عەرەبانە و کۆڵارە، پەت ، عەبا، و کەسێک بیردەکاتەوە و کەسێک خەریکە دەخنکێت. لێرەدا ئەم وێنانە دەخەینەڕوو , Lee (1986 : 76).



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم وینانەی سەروە دەتوانرێت بەخێرایی لەسەر تەختە بکێشرێن،یان لەسەرکارتەکان و دەبێت وێنەکان گەورەبن بۆ ئەوەی بۆ هەموو منداڵەکان دیار و ڕوون بن و هە موویان بە باشی ببینن. سەرپەرشتیار، یان ماموستا منداڵەکان دەکاتە تیم و گروپ بۆ ئەوەی پێشبڕکێ لەنێوانیاندا دروستبکات و وێنەکان پیشانیان دەدات ، بۆ نموونە ، وێنەکانی کڵاو و خانووی بچکۆڵە ، لێیان دەپرسێت ، کامە کڵاوە ؟ یان کامە خانووی بچکۆڵەیە؟ئەو تیمەی کە وەڵامی دروستیان داوە تەوە خاڵیان بۆ هەژماردەکرێت و وێنەکانی تریش بە هەمان شێوە، تا یەکێک لە تیمەکان براوە بێت ویارییەکە کۆتایی پێدیت.
(Ibid:77). کە واتە ئەم جۆرە یاریکردنە هانی منداڵان دەدات بۆ ئەوەی فێری ناونانی شتەکان بن وزیاتر بۆ تەمەنی چوار بۆ شەش سالان دەگونجێت .

## ٣/٢) يارييە زمانييەكانى كارامەيى خوێندنەوە :

خوێندنەوە بە کارامەییەکی بنچینەیی دادەنرێت و هۆکاری ئاشنابوونە لە فەرهەنگ و ژیارو کەلتووری گەلانی دیکە و بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ کەسانی دەوروبەردا یارمەتیدەرە (أبو محفوظ، ابتسام محفوظ: ٢٠١٧ : 19).
لێهاتوویی توانای خوێندنەوە و نووسین بە بەشی دووەمی بەکارهێنانی زمان دادەنرێت . کارامەیی خوێندنەوە ، توانای تێگەیشتنە لەوەی کە کەسانی تر چییان نووسیوە . (براون و لی) جەخت لەوە دەکەنەوە ، کە کارامەیی خۆێندنەوە گرنگە ، چونکە یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ ئەوەی لە کارامەییە پێویستییەکانی نووسیندا شارەزا بن (Markstrom , 2019 : 7).
پێویستە مامۆستا، یان سەرپەرشتیار ، ئەوە بزانن، کە کارامەیی خوێندنەوە زۆر گرنگە بۆ فێرخوازان ، پێویستە یە کەم جار بتوانن بخوێننەوە، ئنجا بنووسن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١-٣/٢) ناساندنی خوێندنەوە :

- کارامەیی خوێندنەوە، واتە ناسینەوە و وگۆکردنی پیتەکان و وشەکانە بە شێوەییەکی ڕاست ودروست ، لەپاڵ تێگەیشتن و پێکەوە بەستنەوەیان وشیکارکردن و کارلێککردن لەگەڵ ئەو شتەی دەیخوێنێتەوە (العطوي، هيا محمد مسعد و النزاوي، بشاير ناجي :1439 :١٨).

- کارامەیی خوێندنەوە ، بەدەستهێنانی سامانێکی زمانەوانی مەعریفییە وهۆکارو ئامرازێکە بۆ فێربوونی خود (التميمم، رافد صباح و يعقوب، بلال ابراهيم:بدون سنة الطبع :284).

کە واتە دەتوانین بڵێین ،کارامەیی خۆێندنەوە:

تێگەیشتن وشرۆڤەکردنی واتا وبیرۆکەکانی بابەتی نووسراوە ، لە ڕێگەی بینین و ئامرازێکی سەرەکییە بۆ فێربوونی کارامەیی نووسین وهۆکاری بە دەستهێنانی زانست وزانیاری و ڕۆشنبیرییە.

## ٢-٣/٢) گرنگی خوێندنەوە :

- ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی تاک، وەکو پەیوەندیکردنی لە گەڵ دەوروبەردا، بەدەستهینانی زانست وزانیارییە هەمەجۆرەکان و بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ژینگە وکەلتووری جیاواز .
- وەکو پەناگەیەکە بۆ پشوودانی تاک لە هەندێک فشارە دەروونیەکان ، لە ماندووبوون و هەڵچوونەکان ڕزگاریدەکات .
- یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی حەز و ئارەزووەکانی تاک وچێژ لێوەرگرتنیان (البصيص، حاتم حسين: ٢٠١١ : 31).

خوێندنەوە بۆ فێرخوازان بە کارامەییەکی گرنگ دادەنرێت و لە سایەیەوە زانست وزانیاری لە بابەتی هەمەجۆردا بە دەستدەهینیت ولە پرۆسەی فێربووندا سەردەکەوێت ، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کەسایەتی تاک ودیارخستنی لە ناو کۆمەڵگادا وهۆکارێکیشە بۆ بە دەستهێنانی زانست و زانیارییەکان دەرباری کەلتوور و ژینگەی جیاواز ، بەم پێیەش دەرفەتی زیاتر بۆ ڕوشنبیرکردنی تاکەکان وداهینانیان لە زۆر بواردا دەڕەخسینێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣-٣/٢) پەرەپێدانی کارامەیی خوێندنەوە :

زۆر گرنگە مامۆستا ،یان سەرپەرشتیار ئامرازی گونجاو بەکاربهێنن ،تا لەگەڵ ئارەزوو ویستی فێرخوازاندا بگونجێت . یارییەکان دەتوانن هەمەجۆری دابینبکەن و یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی بابەتەکان بە خۆش و سەرنجڕاکێش بمێننەوە . لێرەشدا هەندیک یارییە زمانییەکان دەخەینە ڕوو ، کە بۆ گەشەکردنی کارامەیی خوێندنەوە بەکاردەهێنرێن ، لەوانە :

❖ **یاری بخوێنە و جێبەجێ بکە:**

- مامۆستا ڕستەیەک لە سەر تەختە دەنووسێت وداوا لە فێرخوازان دەکات ، کە سەیری نەکەن لە کاتی نووسینی ڕستەکە و دواتر داوا لە یەکێک لە قوتابییەکان دەکات ئەوشتە بخوێنێتەوە ، کە لەسەر تەختە نووسیویەتی ، دواتر ڕستەکە جێبەجێ بکات بۆ نموونە: ڕستەی دەرگا دابخە، کە واتە دەبێت فێرخواز ئەو ڕستەیە بخۆێنێتەوە و پاشان دەرگاکە دادەخات . بەم شێوەیە هەموو ئەو ڕستانەی کە مامۆستا لە سەر تەختە دەینووسێت ، دەبێت یەکەم جار بیخوێننەوە و دواتر پراکتیکی بکەن ، بۆ ئەوەی ئەو وشەو و دەستەواژە و ڕستانە زیاتر لە مێشکیان بمێنێتەوە وبە ئاسانی لە بیریان نە کەن .

- مامۆستا دەتوانێت بە شێوەیەکی تریش ئەم جۆرە یارییە، لە گەڵ فێرخوازان جێبەجێبکات. چەند کارتێک بەسەر فێرخوازاندا دابەشدەکات، کە لەسەر هەر یەکێکیان ڕستەیەک نووسراوە ، تاوەکو هەر یەکێک لە فێرخوازان ئەو کارە بکات ، کە لە ڕستەکەدا نووسراوە (يحيى، خولە أحمد و عبيد، ماجدة السيد: ٢٠٠٧ : 78) بەم شێوەیەش هەموو فێرخوازان بە شداری لەم چالاکییە دا دەکەن .

❖ **یاری ڕێکخستنەوەی ڕستە:**

لەم یارییەدا چەند کارتێکی بچوک بە شێوەی هەڕەمەکی دەدرینە قوتابیان ، کە هەر یەکێک لەم کارتانە وشەیەکی بەم شێوەیەی خوارەوە تێدا نووسراوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سێو | نەوزاد | دەخوات |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە فێرخـواز کارتەکـان لەدوای یەکتـر ڕیـز بکات تـا بەهەمووویـان ڕستەیەک پێکبهێـنن؛ پاشـان ڕستەکە دەنووسێتەوە و دەخوێنێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | نەوزاد | سێو | دەخوات |
|---|---|---|---|

(لطمن، أحمد و بن عميور، خالد : ٢٠٢٢ : 69).

کە واتە بـێجگە لە وەی، کە ئەم جـۆرە یـارییە بـۆ گەشـەگردنی توانـای کـارامەیی خوێنـدنەوەیە ، هاوکات بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن وشەکان بە پێی یاسا و ڕێساکانی زمان ڕێکبخەن، واتە ڕستەی واتادار دروست بکەن.

## ٤/٢) يارييە زمانييەکانی کارامەيی نووسين:

تاکەکـان لە ڕێگـای نووسـینەوە گوزارشـت لە بیـرو بۆچـوونی خۆیـان دەکەن . ڕێگایەکیشـە بـۆ پاراسـتنی پاشـماوەی دابـو نەریـت و کلتـووری مرۆڤـایەتی وگواسـتنەوەی لە نەوەیەک بـۆ نەوەیەکی تر . نووسین ئامرازێکە بۆ پێکەوە بەستنەوەی ڕابـردوو بە داهـاتوو و بیرکـردنەوە لە دانانی پلان وباشترکردنی پرۆگرام لە ئایندەدا (أبو محفوظ، ابتسام محفوظ: ٢٠١٧ : 21).

(لـی ) نووسـین بە جۆرێـک لە خوێنـدنەوە دەبینێـت ، چـونکە تاکەکـان کاتێـک هەر شـتێک دەنووسن ، سەیریدەکەن و تێدەگەن لەوەی کە دەینووسن (Lee,1986 : 132).

### ٤/٢-١) ناساندنی کارامەيی نووسين:

- کارامەیی نووسین، هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر وهەستەکانی فێرخواز ،بە تەواوکەری کارامەیی خوێندنەوە دادەنرێـت و ئـامرازێکە بـۆ گەشـەی توانـای ئـاوەزی وچارەسـەرکردنی هەندێک کێشەی دەروونی (البصيص، حاتم حسين:٢٠١١ : 31- 32).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کارامەیی نووسین  توانای گوزارشتکردنی بیرۆکەکانە بەشێویەکی ڕوون و ئاشکراو ڕیز بەند کراو لەرێگای دارشتنی  وشە و دەستەواژەی ڕێزمانی دروست (ربابعة، ابراهيم علي:بدون سنة الطبع : ٥).
- کارامەیی نووسین رێگایەکە ،یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیر وبۆچوونەکانی بکات ، کە واتە بە ئامرازی پەیوەندیکردن هەژماردەکرێت (بغدادي، شيرين عبد المعطي: ٢٠١٣ : 187).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کارامەیی نووسین :

گوزارشتکردنی تاکە  لەو شتەی کە بە بیریدا دێت، بە ڕێگای دارشتنی وشە و دەستەواژە ورستەی دروست و بۆ پاراستنی زمان وکەلتووری نە تەوە جیاوازەکان هۆکارێکی سەرەکییە .

## ٢-٤/٢) گرنگی کارامەیی نووسین:

- فێرخوازان  لە ڕێگای نووسینەوە ،دەتوانن هەموو ئەو زانست وزانیاری ولێزانینانە ی ،کە هەیانە تۆماریبکەن.
- ئامرازێکە لە ئامرازەکانی خوێندنەوە و فێربوونی زمان و بەرزکردنەوەی کارامەییەکانی تری زمان.
- هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن و گوزارشتکردن لە بیر و هەست و سۆز و دەروونی تاکەکان (التميميم، رافد  صباح و يعقوب، بلال ابراهيم :بدون سنة الطبع :289).

نووسین، هۆکارێکە بۆ پاراستنی  زانست و زانیاری  و لە هەر کاتێکدا ، فێرخوازان و خوازیارانی زانست و زانیاری بیانەوێ  بۆی دەگەرێنەوە و لە ڕێگای نووسینەوە تاکەکان  لە کەلتوور و شارستانییەتی نەتەوە جیاوازەکان شارەزادەبن.

## ٣-٤/٢) پەرەپێدانی کارامەیی نووسین:

فێرخوازان زۆر جار بە کارێکی قورس سەیری  نووسین دەکەن ، یان تەنانەت بە بێزارکەریش دەیبینن ، بۆ ڕێگرتن لەم کارە یارییەکان دەتوانن ڕێگایەکی باش و کاریگەر بن  ، چونکە نەک هەر یارییەکان خۆشن ، بەڵکو دەتوانن هۆکارێک بۆ فێرخوازان  دابین بکەن بۆ نووسین و ئاشکرایە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسین ئاسانتر دەبێت کاتێک بە یاری تێکەڵ بکرێت، لەجیاتی ئەوەی تەنها ناچار بێت بنووسرێت ،بۆیە پێویستە مامۆستا ئەو ڕێکارانە بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی ئە و بێزارییە لە لای فێرخواز نەمێنێت و بە باشتر و ئاسانتر نووسین بکات ، لێرەش یەکێک لە یارییەکانی کارامەیی نووسین دەستنیشاندەکەین :

❖ **یاری پیتەکە هەڵبێنە**

پیویستییەکان : کاغەز، پێنووس ، لیستی ئەلفوبێ .

مامۆستا ،یان سەرپەرشتیار پیتێك پەسندەکات ومنداڵ دەبێت هەڵیبهێنێت. بۆ نموونە، لێیان دەپرسێت چ پیتێك وەك مراوییە ؟ ئەگەر بڵێت پیتی (ی) وەڵامەکەی ڕاست دەردەچێت، یان کام پیت وەك مەنجەڵی کفتەیە وەڵامی دروست پیتی (ن) ە. کاتێك ، کە منداڵ پیتەکەی دۆزییەوە، پێویستە لە سەر کاغەز بینووسێت، یان لە هەوا بە بەکارهێنانی پەنجە ئاماژەی پێ بکات .

ئەگەر منداڵەکە نەیتوانی پیتەکە دەستنیشانبکات ، پێویستە سەرپەرشتیار شێوازێکی دیکە بەکاربهێنێت بۆ نموونە، دەتوانێت پەنجەی بەکاربێنێت و لەسەر پشتی منداڵ بنووسێت وهەروەها بۆ ئاسانکردنی یارییەکە، لیستی ئەلفوبێ، یان لەسەر زەوی، یان مێزێك دابنێت بۆ ئەوەی منداڵ هەموو پیتەکان ببینێت.

.(Goodman and Myers,2004 : 38- 39)

ئامانج لەم یارییە بۆ ئەوەیە منداڵ پیتەکان بناسێت وبتوانێت بیان نووسێت ولێکیان جیابکاتەوە و بە ڕێگایەکی ئاسان وله هەمان کاتدا بە شێوەیەکی چێژبەخش کارەکەئەنجام بدات .

❖ **یاری( بۆ ماوەی دەخولەک بنووسە):**

ئامانج لەم یارییە لای منداڵ گەشەکردنی کارامەیی نووسینە و زیاتر بۆ قوتابیانی پۆلە سەرەتاییەکان گونجاوە . پێنووسێک و کاغەزێک بە منداڵ دەدرێت و داوای لێدەکرێت بۆماوەی دە خولەک لەسەر بابەتێک بنووسێت ، کە بۆی دیاریدەکرێت ، بۆ نموونە پێی دەڵێی: شەش ڕستە لە سەر ئەوشتانە بنووسە کە دایکت دەخاتە پێکەنین ، یان چەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕستەیەک لە سەر ئەو شتانەی کە مامۆستا پێی تووڕە دەبێت ...تاد ، لە دواییدا دەبێت نووسینەکەی خۆی بخوێنێتەوە , گەر یارییەکە لە کاتی پێویستدا تەواو نە بوو ، دەتوانین وازی لێبهێنین (الحیلة، محمد محمود:٢٠٠٤ : 132).

ئەم یارییە بۆ ئەو جۆرە منداڵانە باشە ، کە حەزیان لە نووسین نییە ، بۆیە بە ڕێگایەکی دڵخوشەکەر فێری نووسین دەبن . ما موستا دەتوانێت ئەم یارییە لە پۆلدا ئەنجامبدات، هەروەها دایک وباوکانیش دەتوانن لە گەل منداڵەکانیان جێبەجێیبکەن بۆئەوەی پەرە بە نووسینیان بدەن .

## ئەنجام

1- یارییەکان یادگەی منداڵ فراوان دەکەن و پڕ زانیاریان دەکەن .
2- یاریکردن گەشەی منداڵ خێرا دەکات و چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و کۆزانیاریی،کە گرنگن بۆ فێربوونی زمان پێزیاد دەکات .
3- یارییە زمانییەکان هۆکارن بۆ پەرەپێدانی کارامەییە زمانییەکانی گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نووسین.
4- یارییە زمانییەکان چێژێکی خۆش بە فێرخوازان دەبەخشن.
5- مامۆستا، یان سەرپەرشتیار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جێبەجێکردنی یارییە زمانییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا.

## سەرچاوەکان

- البصیص, حاتم حسین (2011) تنمیة مهارات القراءة و الكتابة (استراتیجیات متعددة للتدریس و التقویم, منشورات الهیئة العامة السوریة للكتاب, دمشق.
- التمیمیم, رافد صباح و یعقوب, بلال ابراهیم, المهارات اللغویة و دورها في التواصل اللغوي, مجلة مداد الأداب, العدد (11).
- الحیلة, محمد محمود و غنیم, عائشة عبدالقادر (2002) اثر الألعاب التربویة اللغویة المحوسبة و العادیة فی معالجة الصعوبات القرائیة لدى طلبة الصف الرابع الاساسي, مجلة جامعة النجاح للأبحاث, (العلوم الانسانیة), المجلد 16 (2).
- الحیلة، محمد محمود(2004)، الالعاب من اجل التفكیر و التعلم، المسیرة للنشر و التوزیع، عمان.
- الصویركي, محمد علي (2005) الألعاب اللغویة و دورها في تنمیة مهارات اللغة العربیة, دار الكندي للنشر و التوریع, الأردن.

- العطوي, هيا محمد مسعد و النزاوي, بشاير ناجي (1439) مهارة القراءة و الكتابة و دورها في تعلم اللغة العربية, الالوكة للنشر.
- الفوزان, عبدالرحمن بن أبراهيم (1431) اضاءات لمعلمي اللغة العربية لغير الناطقين بها، مكتبة لسان العرب.
- الملا, هشام بن ابراهيم (١٤٣٩) اساليب التربية التفاعلية بالحوار و الاستماع و الاقناع, مركز استراتيجيات التربية.
- بغدادي, شيرين عبدالمعطي (2013) الموسيقى و المهارات اللغوية للطفل (برنامج لتنمية المهارات), مكتب الجامعي الحديث.
- بيرد, بولي, ترجمة : خالد العامري (2003) كيف تساعد طفلك على التعلم في المرحلة الابتدائية, دار الفاروق للنشر و التوزيع, القاهرة.
- داود, أحمد عيسى و المواضية, رضا (2019) أثر الألعاب اللغوية فى تحسين مهارات التواصل اللغوي لدى مرحلة رياض الاطفال في الأردن, مجلد البلقاء, المجلد (22), العدد (1).
- رابعة, ابراهيم علي, مهارة الكتابة و نماذج تعليمها, الطبعة الاولى, الألوكة للنشر.
- زمزمي, فضيلة أحمد (2007) فعالية برنامج لتنمية مهارات الاستعداد للقراءة و الكتابة لدى طفل ما قبل المدرسة, العدد (1).
- شاش, سهير محمد سلامة (2001) اللعب و تنمية اللغة لدى الأطفال ذوى الاعاقة العقلية, دار القاهرة, مصر.
- شريف, غصون خالد (2014) أثر استراتيجية التعلم معا في تنمية مهارتي الاستماع و التحدث و تعديل السلوك الانسحابي لدى تلاميذ التربية الخاصة, مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية, المجلد (13), العدد (2).
- صومان، احمد ابراهيم (2018) اثر استراتيجية الألعاب اللغوية فى تنمية المهارات التخيل الابداعي لدى أطفال الروضة قي مدينة عمان، المجلة الدولية لتطوير التفوق، المجلد التاسع, العدد (16).
- طعيمة, رشدى أحمد (2007) المفاهيم اللغوية عند الأطفال (اسسها, مهاراتها, تدريسها, تقويمها), الطبعة الأولى, دار المسيرة للنشر و التوزيع, الأردن.
- عبدالعزيز, ناصف مصطفى (1983) الألعاب اللغوية في تعليم اللغات الاجنبية مع أمثلة لتعليم العربية لغير الناطقين بها, الطبعة الأولى, دار المريخ للنشر, المملكة العربية السعودية.
- علي, رقية محمود أحمد (2017) فاعلية الألعاب اللغوية الالكترونية في تنمية بعض مهارات الاستعداد القرائي لدى الاطفال المعاقين عقليا في مرحلة التهيئة بمدارس التربية الفكرية, المجلة العلمية بكلية التربية بالوادي الجديد, العدد (26)
- فضل الله, محمد رجب (2005) الألعاب اللغوية لأطفال ما قبل المدرسة, الطبعة الثانية, عالم الكتب, القاهرة.
- لطمن, أحمد و بن عميور, خالد (2022) أهمية الألعاب اللغوية في تنمية مهارتي القراءة و الكتابة لدى تلاميذ السنة الأولى ابتدائي, مجلد اشكالات في اللغة و الادب, المجلد (11), العدد (1).
- لناشف, هدى محمود (2007) تنمية المهارات اللغوية لاطفال ما قبل المدرسة, الطبعة الاولى, دار الفكر, الأردن.
- محفوظ, ابتسام محفوظ (2017) المهارات اللغوية, الطبعة الأولى, دار التدمرية, المملكة العربية السعودية.
- يحيى، خوله احمد و عبيد، ماجدة السيد (2007)، انشطة للأطفال العاديين و لذوى الاحتياجات الخاصة في مرحلة ما قبل المدرسة، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- Cekaite, A. and Aronsson, K., 2005. Language play, a collaborative resource in children's L2 learning .*Applied linguistics* 26,(2), pp.169-191.
- Corson, D., 1988. *Oral language across the curriculum*. Multilingual matters.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- Crystal, D., 1996. Language play and linguistic intervention. *Child Language Teaching and Therapy*, *12*(3), pp.328-344.
- Goodman, L., Myers, L. 2004. *Word Play Fun Games for Building Reading and Writing Skills in Children with Learning Differences.* United States of America*:* McGraw-Hill
- Kristianto, A., A. 2016 'Teachers' Perspective on the Use of Games in English Teaching and Learning Process', MA thesis, Satya Wacana Christian University, Salatiga.
- Lee, W.R., 1986. *Language-Teaching Games and Contests*. Oxford University Press.
- Lewis, G. and Bedson, G., 1999. *Games for children*. Oxford University Press.
- Markström, M., 2019. *Language skills: How teachers in Years 7-9 prioritize and teach language skills in their English lessons*. Jonkoping University
- Ruth Deborah, D., Reni, P.S., Julie Sandra, A. and Priyanka, A., 2019. Importance of Play in the Development of Language and Social Skills-A Case Study on Twins. *International Journal of Health Sciences & Research*, vol.9, no. 4, pp. 338-342.
- Way, J. 2011. Five Components of Effective Oral Language Instruction. In Professional Development servics for Teacher, p.48
- Yuliani, S., 2017, April. Teaching English Vocabularyby Using Guessing Game Tothe Fifth Grade Students 117 Palembang. In *The 2nd TEYLIN International Conference Proceedings*.

## Language Games and Their Importance in Developing Language Skills

**Dalal Ahmed Saleh**
Department of kurdish College of education-shaqlawa, Salahhadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dalal.saleh@su.edu.krd

**Yusif Sharef Saeed**
Department of kurdish, College of language, Salahhadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
yousif.saeed@su.edu.krd

***Keywords:*** *Language Games, Listening, Speaking, Reading, Writing*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research is part of a doctoral thesis entitled (Language games and their role in the language development of Kurdish children, Pirmam town as a sample). The title of the research is (language games and their importance in developing language skills).

We have presented the definitions of several scientists and linguists in this field, and we have expressed our opinions in this regard. We have divided the types of language games into four types, namely listening, speaking, reading, and writing skills. For each of them, we have identified its definitions and importance, and we have presented several language games.

------------------------------------------------------------

## الالعاب اللغوية واهميتها في تنمية المهارة اللغوية

**ملخص:**

هذه الدراسة جزء من اطروحة دكتوراه بعنوان " الالعاب اللغوية و دورها في التنمية اللغوية للطفل الكورد: قضاء بيرمام نموذجا".والبحث بعنوان " الالعاب اللغوية واهميتها في تنمية المهارة اللغوية ".

تتضمن الدراسة عرض تعاريف عديدة للالعاب اللغوية من قبل المختصين و الباحثين و من ثم عرضنا وجهة نظرنا حول الموضوع. قامت الدراسة ايضا بتصنيف الالعاب اللغوية الى اربعة اصناف و هم الالعاب اللغوية لمهارات الاستماع و التحدث و القراءة و الكتابة. كما وقد تم عرض تعريف و اهمية كل صنف من الالعاب اللغوية للمهارات اضافة الى عرض مجموعة من الالعاب اللغوية و بيان اهمية كل لعبة.